# پێناسەیێک لە مەڕ، تۆماس ترانسترۆمێر
## هۆنەر، نووسەر و وەرگێر
### نووسینی رەحمان سۆفی کەریمی

### پێشەکەی

پێوەبووم هەردەم کاری وەرگێڕانەکەم تەواو کرد، پێناسەیێک لە بارەی تۆماس ترانسترۆمێر بنووسم. بەڵام بە زۆر هۆ بۆم نکراوە. کەچی داخەکەم فریا نەکەوتم شتێک بنووسم، مەرگ بەربینگی پێگرت. کاتێک لە شاشەی «تێ ڤێ» وە هەواڵم بیست کە تۆماس ترانسترۆمێر بۆ یەکجاری چاوی لێکناوە. بۆ ئاگاداری و ڕاگەیاندنێک، ئەم چەن دێڕم نووسی و لە سەر دیواری فەیسبووک دامنا «بە داخێکی گرانەوە هۆنەری ناوداری سوێدی، تۆماس ترانسترۆمێر، ڕۆژی پینج شەممە ٢٦ مانگی مارس ٢٠١٥ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا ماڵاوای لە ژیان و گەردوونی ئەدەبیات کرد. . .»

دیسان لەبەر سەرقاڵی ژیانی ئاسایی نەپەرژاوم دەربارەی بنووسم. تا ئێوارەیەک مامۆستا یونس ڕەزایی لە کورتە پەیامی فەیسبووکدا ئەم داواکارییەی نووسی بوو: «مامۆستا داواکارییەکم هەیە. نەشرییەیەک لیرە دەردەچێ، بە تەمام دوو لە وەرگێڕانەکانتی تێدا چاپ کەم. ئەگەر نووسینێکی کورتیش بێ لە بارەی ترانسترۆمێرەوە زۆر باش دەبێ»

بە پێی بەڵێنی خۆم و داواکەی مامۆستا یونسی ڕەزایی، ئەم کورتە نووسراوەیە دەربارەی هۆنەر، نووسەر و وەرگێڕی ناوداری سوێدی و براوەی خەڵاتی نۆبێل، تۆماس تڕانستڕۆمێرەوە دەنێرمە خزمەت خوێنەری کورد زمان.

تۆماس تڕانستڕۆمێر، Tomas Tranströmer (١٩٣١–٢٠١٥) بەرهەمی خۆشەویستی نێوان دوو دڵدار بوو. یانی باوکی تۆماس، یۆستا تڕانسترۆمێرGösta Tranströmer (١٩٠١–١٩٧٧) و دایکی هێلمی وێستربرگ Helmy Westerberg (١٨٩٨-١٩٦٩) دایک و باکی تۆماس، بە حەز و ویستی خۆیان زەماوەند دەکەن. کەچی پێکەوە هەڵنانکەن، بەناچار لێک جیا دەبنەوە. دوای جیا بوونەوە و لێکدابڕانی دایک و باب، تۆماس خۆی دەنووسێ بە هەڵکەوت باوکی خۆی دەبینێ. با ئەوەش بڵێم کە هەم ماڵباتی باوان و هەم خانەوادەی خاڵوان، هەر دووکیان سەر بە چنینی وردەبۆرژوازی نیشتەجێی ستۆکهولم بوون. باوکی تۆماس ڕۆژنامەنووس و سەر نووسەری چەن ڕۆژنامە و گۆڤاری وەرزی بووە. بۆنمونە «ژۆڕنالی حەفتانەی ستۆکهۆلمveckojournalen i Stockholm» و گۆڤاری «ژیان لە هەوای ئازاددا tidskriften friluftsliv» بە بەرپرسی و لە ژێر چاوەدێری ئەودا دەرچوون و بڵاوبوونەتەوە. وکوو دەڵێن یوستا بیرمەندی سەردەمی خۆی بووە. دایکی تۆماس مامۆستا بووە. بە مووچەی مامۆستایەتی ژیانی خۆی و تۆماسی دابین کردووە. لە ستۆکهۆلم Stockholm لە گەڕەکی ئۆسترمال

Östermalmلە باڵاخانەیکدا نهۆمی پەێنجمی بەکرێ گرتووە و لەگەڵ تۆماس تێدا حەوانەتەوە. بەڵام هاوینان بۆ پشوودان و حەسانەوە چوونەتەوە ماڵی باوە گەورە. باوکی دایکی تۆماس، کارل هێلمر وێستبرگ Carl Helmer westerberg، دەریاوانێکی سەر بەدەرەوە بووە. پاپۆڕ و گەلەگەمی بە فەرمانی ئەو لە لەنگەرگەکانی ستۆکهۆلم هاتوچۆیان کردووە. باوەگەورە لە دوورگەگەلی ستۆکهۆلم، لە دوورگەی روونمار «Runmarö» نیشتەجێ بووە. وەکوو دەڵێن بیری منداڵی تیژە. لە هۆنراوەی تۆماس ترانسترۆمێردا، دەریا، دوورگە، پاپۆڕ، گەلەگەمی، ماسی، ماسیخۆرە، پەپوولە و سیسرک لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا ڕەنگ ئەدەنەوە. بە خوێندنەوەی نووسراوەکانی خۆی، هەروەها ئەوەی کە لە سەریان نووسیوە، بۆمان دەردەکەوێ کە تۆماس هەر لە منداڵییەوە خولیای زانست و هونەر بووە. خۆی نووسیویەتی «هاوینان کە دەچووینە دووگەی روونمار،(Runmarö) کارم ئەوە بوو کە بە دوای گەناوەردا(insecta) بە تایبەت پەپوولە و سیسرکدا بگەڕێم. دەمگرتن و دەمێکی درێژ چاوم تێ دەبڕین و دەم خوێندنەوە. پەپوولە جوانی سروشتی نیشان دام و باڵەفڕە و چریکەی سیسرکیش موزیکی فێرکردم»

تۆماس ٥ ٦ ساڵانە دەبێ دەێنێرنە خوێندنگەی گەلی (folkskola) هەڵبەتە بەر لەوەی بینێرنە خوێندنگە دایکی لەماڵەوە ئەلف و بێ و خوێندنەوە و نووسینی فێرکرد بوو. دوای دەورەی سەرەتایی، دەیگوێزنەوە بۆ خوێندنگەی دەورەی ڕێنمایی (Realskola) دوای تەواوکردنی ئەو خولەش دەێنێرنە

دەبیرستانی لاتین (Södra Latins Läroverk) ئەو خوولەش بە سەرکەوتووی تەوا دەکا و دیپلۆم وەردەگرێ. لە تەمەنی ١٩ ساڵی دا، لە زانستگەی ستۆکهۆلم Stockholms Universitet لە بەشی ئەدەبیات و زمانی لاتین وەردەگیریێ. ئەو بەشەش تەواو دەکا و هاوکات لە بەشی دەروون ناسی، کارنامەی خوێندنی ئاکادەمی وەر دەگرێ. لە زانستگەی ستۆکهۆلم لە بەشی لێکۆڵینەوە دەروونناسی دادەمەزرێ. هەر لەو ساڵەشدا لەگەڵ مۆنیکا بلادە Monica Bladh زەماوەند دەکا. بەرهەمی ژیانی هاوبەشی تۆماس و مۆنیکا، دوو کچە. کچە گەورەکەیان ناوی ئێما Emma یە، ئێستا وەکوو گۆرانیبێژی کۆنسێرت خەریکی کاری هونەرییە. کچە چکۆلەکەیان ناوی پاولینا Paulina یە.

تۆماس لە ساڵی ١٩٦٠ وە لە بەندیخانە، وەکوو ڕاوێژکاری دووبارە پەروەری لاوانێ نەگونجاو خزمەت دەکا. لە ساڵی ١٩٨٠ وە لە بەڕێوەبەرایەتی ایدارەی کار کاردەکا. بەڵام وەک دەڵێن کەس نازانی لە ماوەی ژیانیدا چی لە ڕیدایە و چی بە سەر دێ. تۆماس، لە ساڵی ١٩٩٠ دا تووشی سەکتەی مێشکی یان خوێنڕێژی مێشکی دەبێ. لە دوای ئەوە، کەنەفت دەبێ و دووچاری زمان پەرێشانی دەبێ. تائەو ڕادەیە کە لە زمان دەکەوێ.

**چالاکی ئەدەبی**

یەکەم دێڕی یەکەم هۆنراوەی تۆماس ئاوا دەست پێدەکا:

«ڕاپەڕین لە خەوندا بازدانی چەتربازێکە، ئازاد لە گێژ وخولی هەناسەبڕدا»

کاری هۆنەری تۆماس ترانسترۆمێر لە ساڵی ١٩٥٤ رەوە بە جدی دەست پێدەکا. هەوەڵین دەفتەری هۆنراوەی بە ناوی «١٧هۆنراوە» چاپ و بڵاو دەبێتەوە. دەبێتە جێگای سەرنجی نووسەران، هۆنەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبی. ڕەخنەی لە سەر دەنووسرێ و سەنگ و سووک دەکرێ. دواین هۆنراوەشی لە ساڵی ٢٠٠٤ دا بە ناوی «مەتەڵی مەزن» دەگاتە دەستی هۆنراوە دۆستان. بەو کەنەفتییەش واز لە هۆنراوە نووسین ناهێنێ. بەڵام بە نووسینی هایکۆ، کە کورت و پوختەیە دڵی خۆی ڕازی دەکا. هەڵبەتە لە نێوبەر ئەو دوو کتێبەدا دەیان کۆپلە کۆهۆنراوەی دیکەش چاپ و بڵاو بوونەتەوە. کە سەرجەم ١٤ کتێبەن و ئێستا کۆی هۆنراوە و پەخشانەکانی بە شێوەێکی ڕێک و پێک لە یەک بەرگدا بە ناوی هۆنراوە و پەخشان ١٩٥٤ ــ ٢٠٠٤ « Dikter och Prosa 1954-2004»بێجگە لە وەش تۆماس، هەر لەو ساڵانەی چالاکی ئەدەبیدا، هۆنراوەی هۆنەرانی نوێخوازی جیهانی دەکاتە سوێدی. بۆ نموونە ڕۆبرت بلای Robrt Blyهۆنەری ئەمریکایی کە پەیوەندی دۆستانەیان پێکەوە هەبووە. دیارە ڕۆبرت بلای ش هۆنراوەی تۆمانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیسی ئەمریکایی

## تایبەتمەندی هۆنراوەی تۆماس

تۆماس ترانسترۆمێر یەکێکە لە هونەرە نوێخواز و مۆدێرنەکانی سەدەی ٢٠ تەمی سوێد. تایبەتمەندی هۆنراوەی تۆماس لەوەدایە کە ئەو سەبک یان ستایلی تایبەت و سەربەخۆی، خۆیی هەیە. هۆنراوەی تۆماس، بە ڕواڵەت ساکار دەێنە بەر چاو. کەچی ئەگەر لێی وردبیتەوە لەگەڵ چەن لایەنە بوونی هۆنراوەکان ئاشنا دەبی. یان وەکوو ڕەخنەگران دەڵێن هۆنراوەی تۆماس نەهێنێکی سادە و سروشتی، لە نێوەرۆکی خویدا شاردوەتەوە. کەچی پەیامێک ڕادەگەیەنێ کە لە ناخی خوێنەردا جێگیر دەبێ. تۆماس گوێ نادا بە کێش و سەروای هۆنراوە. ئەو هۆنراوەی تغزەلی وەلا دەنێ. نێوەرۆکی هۆنراوەکانی ئەوەیە کە لە ڕێگای بەکارگیری مێتافۆڕەوە، پەیوەندی نێوان دنیای دەروونی مرۆڤ لەگەڵ دنیای دەرەوەیی پێکدێنێ. ڕەنگە ئەزموونی کاری تۆماس وەکوو دەروونناس، هۆیێک بێ کە حەز و سۆزی مرۆڤ بۆلای مرۆڤ خۆی، سروشت و ئەشیا ڕادەکێشێ. کاتێک کە خەڵاتی نۆبێلیان دایە، پێتر ئێنگلوند Peter Englund ڕایگەیاند کە خەڵاتی ئەدەبی دەدەن بە تۆماس، ئەنگیزەی ئەو بڕیارەی کومێتەی ئەدەبی ڕێکخراوەی نۆبێلی ئاوا ڕاگەیاند «تۆماس ترانسترۆمێر، لە هۆنراوەکانیدا بە شێوەێکی تێکچڕژاو و ڕوون و زلال، ڕوانگەێکی نوێ لە پێش چاوی ئێمە نیشان ئەدا بۆ ڕاستی ژیان»

**تۆماس و موزیک**

وەکوو دەڵێن تۆماس هەر لە منداڵییەوە خولیای مووزیکی لە سەردا بووە. کاڵکاڵەی موزیکی لە دەروونند هەبووە. دیارە دەچێتە فێرگەی مووزیک و فێر دەبێ. تۆماس پیانیستێکی لێزان و لێهاتوو بوو. دوای ئەوەی کە کەنەفتیش دەبێ و دەستی ڕاستی لە کار دەکەوێ. کەچی بەچپدەستیش پیانۆ لێدەدا. لە شەوی جەژنی نۆبێلدا، بە تەنیا دەستی چپ پیانۆنەوازیکی بە ڕێوجێ دەکا. زۆریەک لە ئاهەنگسازەکانی خۆیی، لە سە هۆنراوەکانی مۆ مووزیکی کلاسیک و جاز ئاهەنگیان داناوە. هەر لە ساڵی ٢٠١١ دا کە خەڵاتی نۆبێلی پێ دەبەخشرێ. ئەندامەتی شانازی کۆڕی مووزیکی ئاکادێمیای پاشایەتی پێ دەبەخشدرێ. ئەنگیزەی بە ئەندام کردنی تۆماس ئەوە بووە کە کەمتر هۆنەرێکی هاوسەردەم توانیویەتی هاوزایەڵەیی و خزمایەتی هۆنراوە و مووزیک بەو شێوەیە لە یەکدی نزیک کاتەوە. تۆماس دەیان خەڵاتی ئەدەبی و هونەری و چالاکی مووزیکی خەڵات کراوە، لە هەمووشیان باڵاتر خەڵاتی ئەدەبی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ یە کە تۆماسی کردوەتە کەسایەتیکی جیهانی.

## ئەنگیزەی من چی بوو کە هۆنراوەکانی بەکەم بە کوردی؟

ئێوارەی ١٠ دێسامبری ٢٠١١ ڕوولە شاشەی «تێ ڤێ» دانیشتبووم. تەماشام دەکرد. پرۆگرام دابەشکردنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیاتی نیشان ئەدا. ئەو کەسانەی بانگ دەکران کە خەڵاتەکیان لە دەستی «کاڕل گوستاوی Carl XVI Gustaf شا»ی سوێد وەرگرن، لە خزمەت شادا قەفێک دەچەمانەوە. نۆبەی تۆماس تڕانسترۆمێر هات. پێم سەیر بوو کە شای سوێد قەفێک بۆلای ئەو چەماوە. مێدالیا و نەقشوێنەی ئاڵفرێد نۆبێلی Alfred Nobel دا دەست تۆماس و ماچی کرد. بەبێ بەخۆزانین، شادمانییکی لە ڕادە بەدەر لە گیانمدا شەپۆلی دا. چوومەماڵی ئەندێشەوە، لەگەڵ زەینی خۆم ڕاوێژم کرد. من زۆر جار لە ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەدەبی سوێدیدا هۆنراوەی تۆماس تڕانسترۆمێرم خوێندبووەوە. بەڵام ئەنگیزەم نەبوو کە هۆنراوەکانی وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی. کەچی ئەو سەهنەیەی ئەو ئێوارەیە بووە ئەنگیزە. بەڕاستی تەواو هەژاندمی. بۆ بەیانی چوومە کتێبفرۆشی و سەرجەم کتێبە چاپ کراوەکانی تۆماس تڕانسترۆمێرم کڕی. ئێستا ئێواران و شەوانە، دوای کار و ئەرکی ڕۆژانە، لە گۆشەیکی وەتاقەکەمدا دادەنیشم ئەهۆن و لە سەرخۆ هۆنراوەکان دەخوێنمەوە. هەر هۆنراوەیکم بەدڵبێ و گیانم بهەژێنێ دیاری دەکەم. دوایە دەگەڕێمەوە سەری، لە زەینمدا هەلاجی دەکەم و دەیهێنمە سەر کاغەز. جا، چی لێ دەکەوێتەوە، ئاکامی چۆن دەبێ با خوێنەر خۆی سەر پشک بێ. تا ئێستا، پێمکراوە کۆپلەیکی هەڵبژاردە لە هۆنراوەکانی تۆماس تڕانسترۆمێر، ڕاستەوخۆ لە سوێدییەوە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی. جا، خوێنەر یان

ڕەخنەگری کورد زمان چۆنی تێدەگەن و چۆنی لێکدەدەنەوە دیارە کەخۆیان سەرپشکن.

تۆماس ترانسترۆمێر خۆی ڕای وایە کە هۆنراوە لە وەرگێڕاندا لە دەست دەردەچێ. چونکە کەرەسەی سەرەکی هۆنراوە زمانە. هەر زمانێکیش تایبەتمەندی خۆی لە فەرهەنگی خۆی وەردەگرێ. هۆنراوە لە زمانێکەوە ڕاگوێزان بۆ زمانێکی دیکە، هۆنراوەیەکی نوێ یان مەتنێکی نوێ پێکدێنێ. هونەری وەرگێڕ لەوەدایە کە لە ڕەسەنایەتی زمانی زگماکی دوور نەکەوێتەوە. هۆنراوە وەرگێڕان هەر ئەوە نییە لە زمانەوە ڕاگوێزرێ، بەڵکوو ئەوەیە کە بە فۆڕم و زمانێکی دیکە نێوەرۆکی بەخرێتە بەر چاوی خوێنەری زمانی مەبەست. جا، هیوادارم کە توانیبێتم ئەم ئەرکە گرانەم بە جوانی بە ئەنجام گەیاندبێ.

ئەو زانیاریانەی کە لە بارەی تۆماس ترانسترۆمرەوە، لێرەدا نووسراوە لە سەرچاوی نووسراوەکانی تۆماس خۆی و ئەوەی کەسانی دەیکە نووسیویان وەگیراوە.

هۆنراوەی لووتکە، نووسینی تۆماس ترانسترۆمێر
وەرگێڕانی ڕەحمان سۆفی کەریمی،
پاییزی 2015

**لووتکە**

لە باڵەخانەی وەکوو چنینی ناسکدا،

ئاسانسۆڕەکان بە هەنسەبڕکێ سەردەکەون.

ئەمڕۆ ئەسفاڵتی شەقام گیانپڕووکێن دەبێ

نیشانەی هاتووچۆ پێڵویان داخستووە

کوێستانی هەوراز بەرەو ئاسمان کشاوە

لووتکە دوای لووتکە سێبەرێکیان نییە

ئێمە بۆ ڕاوی تۆ بەرەو پێش دەفڕین

لە نێوان هاوینەوە بەرەو سینەماسکۆپ

بەشەودا وەکوو پاپۆڕ لەنگەر دەگرم

بە چرایکووژاوەوە، بە مەودایێکی نێونجی

لە ڕاستیەوە، لەو کاتەکدا خزمەتکارەکان

لە دەشت، لە پارکەکاندا، خەریکی دڵدارین.